دکتور سالح ئیبراهیمی



## سوورەی تین

**سوورەی تین: هەنجیر لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٨ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

سوێند بە هەنجیر و زەیتوون ﴿١﴾ سوێند بە تووری سینین: سینا ﴿٢﴾ سوێند بەم شارە ئەمن و ئەمانە (مەککە) ﴿٣﴾ بێشک ئێمە مرۆڤمان بە باشترین شێوە خوڵقاندووە ﴿٤﴾ لە پاشان گەڕاندمانەوە بۆ بەرەژێرتر و نزمترین پایە و پلە ﴿٥﴾ مەگەر ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کاری چاک و شیاویان ئەنجام داوە، جا بۆ ئەوانە پاداشێکی بێ‌پایان هەیە ﴿٦﴾ جا ئەی (مرۆ: ئینسان) چ شتێک دوای ئەم هەمووە، دنەت دەدا کە ڕۆژی سزا و جەزا، بە درۆ دابنێی ﴿٧﴾ ئاخۆ خوا باشترینی داوەران نییە؟ ﴿٨﴾

## سوورەی عەلەق

**سوورەی عەلەق: جەڵتە، لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١٩ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

بخوێنە بە ناوی پەروەرێنەرت کە (دنیای) خوڵقاندووە ﴿١﴾ مرۆڤی لە جەڵتە خوێنی مەییو خوڵقاند و گووراندی ﴿٢﴾ بخوێنە، پەروەرێنەرت دەهندەترینە ﴿٣﴾ خوایێ کە بە هۆی (نووسینگ) قەڵەمەوە فێرکردنی ساز دا ﴿٤﴾ بە مرۆڤ ئەوەی نەیدەزانی فێری کرد ﴿٥﴾ وا نییە، (زۆربەی بەرەی) مرۆڤ سەربزێوی دەکا و یاغی دەبن ﴿٦﴾ کاتێ کە خۆی بە بێ‌نیاز بزانێ ﴿٧﴾ گەڕانەوە بۆ لای پەروەرێنەرتە ﴿٨﴾ ئایا دیتت ئەو کەسەی کە بەری دەگرت ﴿٩﴾ لە بەندەیێ، کاتێ نوێژی دەکرد ﴿١٠﴾ چ دەبینی کە ئەو پیاوە ڕێنوێن کراو بێ ﴿١١﴾ یا بە ترسان لە خوا فەرمان بدا ﴿١٢﴾ هیچ بیرت لێ کردۆتەوە ئەگەر حاشا بکا و پشت تێ بکا (خۆی لەنێو دەبا) ﴿١٣﴾ ئایا نەیزانیوە کە بەڕاستی خوا دەبینێ ﴿١٤﴾ وا نییە کە ئەو بیری لێ‌دەکاتەوە، ئەگەر لە کاری خۆی دەس هەڵنەگرێ، نێو چاوانی دەگرین و بەرەو دۆژەهـ ڕایدەکێشین ﴿١٥﴾ مووی نێوچاوی درۆزنی خەتاکار ﴿٦﴾ جا خزم و کەسانی خۆی بانگ بکا ﴿١٧﴾ ئێمەیش بە زوویی گزیری دۆژەهـ بانگ دەکەین ﴿١٨﴾ وا نییە کە بیری لێ‌دەکاتەوە، قەت پەیڕەوی لێ‌مەکە، سوژدە بەرە و لە خوا نێزیک بەوە ﴿١٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi